به بۆنەی بیست و چوارەمینساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ەوە

# بیست و چوار ساڵ، بە قەدەر بیست و یەک سەدە

**د. محەمەد عەبدوڵلا کاکەسوور**
**(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئەدەبیات)**

لە کاتی نووسینی ئەم وتارە لە ساڵی ٢٠١٩ی سەدەی بیست و یەک، نزیکەی بیست و چوار ساڵە گۆڤاری ڕامان بە بەردەوامی دەردەچێت. لە بەرگی پێشەوەی گۆڤارەکە نووسراوە: مانگنامەیەکی ڕۆشنبیریی گشتییە - ڕامان دەری دەکات. ئەوەی تێبینی دەکرێت لە ماوەی بیست و یەک سەدەی مێژووی کورددا، نزیکەی سەدەیەکە کورد گۆڤاری دەرکردووە، بەڵام ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ ئەو خزمەتەی گۆڤاری ڕامان لە بواری ڕۆشنبیریی کوردیدا بێ وێنەیە.

ئەگەر لە ساڵی زایینییەوە دەست پێبکەین، لە ماوەی بیست و یەک سەدەی تەمەنی مێژووی کورد، دیارە پێش ئەو کاتەش نووسینی کوردی نەبووە، یان هێشتا نەدۆزراوەتەوە، بۆیە گۆڤارەکە لە چەند ڕوویەکەوە شایانی پێداهەڵدانە، دەرچوونی گۆڤارێک بە بەردەوامی بۆ ماوەیەکی درێژ لە مێژووی کورددا، لە بواری گۆڤار دەرکردن وێنەی نییە، هەروەها گرنگیدان بە زمان و ڕێنووس و ئەدەبیاتی کوردی بە شێوەیەکی زۆر باش، وێڕای کۆکردنەوەی نووسەرانی هەموو بەشەکانی کوردستان، سەرەڕای دوورکەوتنەوە لە سیاسەت و جەخت کردنەوە لەسەر بواری کولتووری و ئەدەبی و زمان، یان گەیاندنی بە ناوچەکانی کوردستان و دەرچوونی لە پایتەخت کارێکی گرنگە، چونکە ناکرێت شارێکی وەک هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستان بێ و بەو هەموو قورساییە سیاسی و مێژووییەی هەیەتی، سەرەڕای هەبوونی تەنگژەی ئابووری لە هەرێمی کوردستان، لە دەرچواندنی گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی وا ئاست بەرز بێ بەش بکرێت.

لەبەر ئەوەی هەموو تەنگژەکان کاتین، ئەو تەنگژەیە کورت، یان درێژ بێت، بەڵام ئەوەی بەیانی مێژوو بۆ کوردستان و هەولێری تۆمار دەکات و وەک خاڵێکی پرشنگدار دەمێنێتەوە، بەردەوامبوونی ئەم گۆڤارەیە، لەم بارودۆخە هەستیار و ناسکەدا وەک نیشانەیەک لە نیشانەکانی ڕۆشنبیرییەکی ڕاستەقینە، بۆیە دەتوانین بڵێین ڕامان هەوڵی داوە گۆڤارێک بێت لە ئاستی گەورەیی هەولێر، بەڵام لە هەولێرەوە بۆ هەموو کوردستان بێ.

باشە ئەگەر زۆربەمان لەسەر گرنگی و پێویستی و سەرکەوتوویی ڕامان کۆکین، کەواتە پێویستیشە بە هەموومان هەریەکە و لە ئاستی خۆی هیچ نەبێ بە دڵ و بە زمان و بەدەست، هەرچییەکمان پێ دەکرێ بۆ بەردەوامیی گۆڤارەکە و بایەخ پێدانی زیاتر پێی دریغی نەکەین، هەروەها دەکرێ ئەم گۆڤارە ببێتە بابەتی توێژینەوە لە زانکۆکانی کوردستان و لە چەندان بواردا کاری لەسەر بکرێ، بە تایبەتی لە کایەی زمان و ئەدەب و مێژوو و فەلسەفە و... تاد، دەکرێت وەک نموونەیەک تەماشا بکرێ بۆ ئەوەی بڵێین کە مەرج نییە کاری گرنگ و باش لە کوردستان بە بودجەی گەورە و زەبەللاح بکرێت، بەڵکو ئەوەی لە بودجە زۆر گرنگترە، متمانە بەخۆ و بە میللەت بوون و دڵسۆزی و کارامەییە لە کارکردن، بڕوابوون بەوەی گەورەیی مرۆڤەکان، لە گەورەیی ئەو کارانەوەیە کە بەرهەمی دەهێنن.

لە هەمووی گرنگتر دروستکردنی هیوا و ئومێدە لە لای خوێنەری کورد، کە لە ڕۆشنبیریی کوردیدا وەک ئەرکێکی گرنگی گۆڤاری ڕامان دەمێنێتەوە، تاکو خوێنەری کورد ئێستا و ئایندەی خۆی تێدا ببینێتەوە، مانەوەی گۆڤارەکە و بایەخ پێدانیش پێی، بە مافێکی ڕەوای خۆی دەزانێت.